حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر

حكومة إقليم كوردستان- العراق
مجلس الوزراء
وزارة التربية
مكتب الوزير

ISO 9001 : 2015

ژمارە : ٢٤٦
ڕێکەوت: ١٧/ جۆزەردان/ ٢٧٢٢ کوردی

العدد: ٢٤٦
التأريخ: ٢٠٢٢/٦/٧

# فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە کۆبوونەوەی فراوانی وەزارەتی پەروەردە لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٣٠ ی ٥ ی ٢٠٢٢، سەبارەت بە پەسەندکردنی پلانی کاری وەزارەتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢ - ٢٠٢٣: پاش وەرگرتنی منداڵان لە باخچەی منداڵان و قوتابیان و خوێندکاران لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی و دەرچووانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە پەیمانگە و قوتابخانە و خوێندنگە ئامادەییەکان بڕیاردرا بە:

کاری کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن بەمەبەستی جێبەجێکردنی پلانی کاری ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ - ٢٠٢٣) بەمجۆرە بێت:

١- لە ڕێکەوتی ( ٢ ی ٨ ی ٢٠٢٢)، کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندنی حکومی و ناحکومی **(جگە لە قوتابخانە بیانی و نێودەوڵەتیەکان کە سستمی تایبەت بەخۆیان هەیە)**، تا ڕێکەوتی (٦ ی ٨ ی ٢٠٢٢)، ناوی قوتابیان و خوێندکاران بەسەر هۆبەکان لە پۆلەکاندا دابەش بکەن، هەروەها لە سستمی ( **E-parwarda**) تۆماری بکەن:

- **لایەنی جێبەجێکار/ کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن.**
- **لایەنی چاودێر/ سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر.**
- **لایەنی چاودێری ئەلیکترۆنی/ پلاندانانی پەروەردەی قەزا و پلاندانانی پەروەردەی گشتیی.**

٢- لە ڕێکەوتی ٨ ی ٨ ی ٢٠٢٢ تا ڕێکەوتی ١١ ی ٨ ی ٢٠٢٢ خشتەی هەفتانەی وانەکان بەسەر مامۆستایان دابەش بکەن بەگوێرەی سستمی قوتابخانە بنەڕەتی و خوێندنگە ئامادەییەکانی ساڵی (٢٠٠٩)، و خشتەکە لە سستمی **(E-parwarda)** جێگیر بکەن:

- **لایەنی جێبەجێکار/ کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن.**
- **لایەنی چاودێر/ سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر.**
- **لایەنی چاودێری ئەلیکترۆنی/ پلاندانانی پەروەردەی قەزا و پلاندانانی پەروەردەی گشتیی.**

٣- لە ڕێکەوتی ٩ ی ٨ ی ٢٠٢٢ تا ڕێکەوتی ١٠ ی ٨ ی ٢٠٢٢ پێویستە کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن دوو بابەت بە نووسراو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا بکەن لەگەڵ ناردنی خشتەی وانەکانی هەفتە وەک بەڵگە:

**أ- نووسراوی زیادە میلاک ئەگەر هەبێت.**

**ب- نووسراوی کەمی میلاک ئەگەر هەبێت.**

- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا دەبێت لە ماوەی (١٠) ڕۆژدا لە ڕێکەوتی ١٤ ی ٨ ی ٢٠٢٢ تا ڕێکەوتی ٢٤ ی ٨ ی ٢٠٢٢ فەرمانی کارگێڕی، پاش دڵنیابوونەوە لە بەڵگە پێشکەشکراوەکانی هاوپێچی نووسراوی ناوەندەکانی خوێندن، دەربچووێنن:

- **لایەنی جێبەجێکار/ کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن.**
- **لایەنی چاودێر/ سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر.**

٤- وەرگرتنی کتێب لە کۆگای پەروەردەی خۆیان لە ڕێکەوتی ٢١ ی ٨ ی ٢٠٢٢ تا ڕێکەوتی ٢٨ ی ٨ ی ٢٠٢٢:

**- لایەنی جێبەجێکار/ کارگێڕی ناوەندەکانی خوێندن.**

**- لایەنی بەدواداچوون/ سەرپەرشتیاری هاوڕێی ڕەخنەگر.**

٥- پێویستە بەڕێوەبەری ناوەندی خوێندن، مامۆستایانی ناوەندەکەی ئاگادار بکاتەوە، ئەوانەی دەیانەوێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢ – ٢٠٢٣) مۆڵەتی بێ مووچە وەربگرن، بەمەرجێک گونجاو بێت لەگەڵ ڕێنماییەکانی مۆڵەتی بێمووچە، پێویستە بەر لە دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن داواکاری پێشکەشی بەڕێوەبەر بکەن و داواکارییەکەیان بەرز بکرێتەوە بەر لە دەستپێکی ساڵی نوێی خوێندن، ناوەندەکانی خوێندن و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی قەزا و بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەکان، نابێت هیچ داواکارییەکی مۆڵەتی بێمووچە لەکاتی دەوام بەرز بکەنەوە بۆ وەزارەت.

٦-کتێبی چاپی نوێی ساڵی (٢٠٢٢)، هەروەها چاپی ساڵی (٢٠٢١)، ئەوانەی گۆڕانکارییان تێدا نەکراوە دابەش دەکرێن بەسەر قوتابیان و خوێندکاران، پەرتووکی ساڵی ٢٠٢٢ نوێیە، پەرتووکی ساڵی ٢٠٢١، ئەگەر گۆڕانکاری تێداکرا بێت **بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکانی وەزارەت** بە گشتاندنێک ئاگادارتان دەکاتەوە کە دابەش نەکرێتەوە، هەموو چاپەکانی دیکەی کتێب پێویستە لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەوە بگەڕێندرێتەوە بۆ کۆگای وەزارەت.

**ئالان حمەسعید صالح**

**وەزیری پەروەردە**

**٢٠٢٢ / ٦ /**

وەزارەتی پەروەردە
نووسینگەی وەزیر
Ministry of Education

وێنەیەك بۆ:

- نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی سەربە دیوانی وەزارەت/ بەگوێرەی پەیوەندیداری بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانی پەروەردەی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە، گەرمیان، ب.پ.کەرکوک/ ب. خوێندنی کوردی)/ بۆ کاری پێویست.
- بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر/ بۆ بەدواداچوون.
- خولاو.